بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

# ئیسلام ئاینی پەروەردگاری جیهانیانە

## پەروەردگارت کێیە؟

ئەمە مەزنترین پرسیارە لە بووندا؛ وگرنگترین پرسیارە کە واجبە لەسەر مرۆڤ وەڵامی بزانێت.
پەروەردگارمانئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان وزەوی خوڵقاندووە، ولە ئاسمانەوە بارانی دابەزاندووە بەهۆیەوە جۆرەها بەرووبووم ودارمان بۆ دەڕوێت کە دەبنە خۆراك وژەم بۆ ئێمە وبۆ ئاژەڵەکان.ئەو زاتە مەزنە ئێمە وباوانمانی خوڵقاندووە، وهەموو شتێکی خوڵقاندووە، وشەو وڕۆژی دروستکردووە، شەوی داناوە بۆئەوەی ببێتە کاتی خەوتن وحەوانەوە، وڕۆژی داناوە بۆئەوەی ببێتە کاتی گەڕان بەدوای بژێوی وڕزق.هەروەها خوای گەورە خۆر ومانگ وئەستێرەکان ودەریاکانی بۆ ئێمە ڕامکردووە، وئاژەڵەکانیشی بۆ ئێمە ڕامکردووە کە لێیان دەخۆین وسوود وەردەگرین لە شیر وخوریەکانیان.

## سیفەتەکانی پەروەردگاری جیهانیان چییە؟

پەروەردگار خوڵقێنراوەکانی خوڵقاندووە، وئەو ڕێنموێنیان دەکات بۆ هەق وڕاستیەکات، ئەو هەموو کاروبار وژیانی خوڵقێنراوەکان بەڕێوە دەبات، وڕزق وڕۆزییان پێدەبەخشێت، وئەو خاوەنداری هەموو شتێکە لە دونیا ولە قیامەتدا، هەموو شتێك ئەو خاوەنیەتی ومولکی ئەوە،پەروەردگار (الحي:زیندوو) ؛ نامرێت وناخەوێت، وئەو (القیوم:ڕاگرە) ؛ کە بەردەوامی وژیانی هەموو زیندەوەرێك بە فەرمانی ئەوە، وڕەحمەتی ئەو زاتە هەموو شتێکی گرتۆتەوە، وهیچ شتێکی لێ شاراوە نیە لە زەوی ولە ئاسماندا.هیچ شتێك وەکو ئەو نییە وئەو (السمیع:بیسەر) و (البصیر:بینایە)، لە سەروەوەی ئاسمانەکانیەتی وپێویستی بە خوڵقێنراوەکانی نییە، خوڵقێنراوەکان بەردەوام پێویستیان بە ئەوە، تێکەڵ بە خوڵقێنراوەکانی نابێت، وهیچ شتێك لە خوڵقێنراوەکانی تێکەڵ بە ئەو نابێت -سبحانە وتعالی-.پەروەردگار ئەم جیهانە بینراوەی خوڵقاندووە بەم هەموو ڕێکخستە هاوسەنگیەکانەوە کە تووشی تێکچوون وپێکدادان نابن، وبەردەوامن لەسەر کارکردن ئینجا ڕێکخستەکانی لاشەی مرۆڤ یان ئاژەڵ، یان ڕێکخستەکانی گەردوون بێت لە دەوروپشتمان بە خۆر وئەستێرە وهەموو پێکهاتەکانی.
هەرشتێك دەپەرسترێت جگە لە الله ؛ توانای هێنانی سوودی نییە بۆ خۆی وتوانای لابردنی زیانی نییە لەسەر خۆی، ئیتر چۆن توانای هێنانی سوودی هەیە بۆ ئەوەی دەیپەرستێت، یان چۆن زیانی لەسەر لادەبات.

## ئایا مافی پەروەردگارمان لەسەر ئێمە چییە؟

مافی ئەو زاتە مەزنە لەسەر هەموو خەڵکی: ئەوەیە بیپەرستن بەتەنها وبە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ بڕیار نەدەن، نابێت جگە لە ئەو یان لەگەڵ ئەو مرۆڤێك یان بەردێك یان ڕووبارێك یان بێ گیانێك یان ئەستێرەیەك یان شتێکی تر بپەرستن، بەڵکو دەبێت پەرستنیان بە دڵسۆزی تەنها بۆ الله ی پەروەردگاری جیهانیان بێت.

## ئایا مافی خەڵکی لەسەر پەروەردگاریان چییە؟

ئەگەر خەڵکی پەروەردگار بپەرستن ؛ مافیان لەسەر خوای گەورە ئەوەیە ژیانێکی خۆش وپاکیان پێدەبەخشێت کە تێیدا لەنێو ئارامی وئاشتی وئاسایش ودڵنیایی وڕازیبوون دەژین، ولە قیامەتدا دەیانخاتە بەهەشتەوە کە نیعمەتی نەبڕاوە ومانەوەی هەتاهەتایی تێدایە، بەڵام ئەگەر سەرپێچی فەرمانەکانی بکەن ؛ ژیانیان دەکاتە پڕ لە ناڕەحەتی وناخۆشی ئەگەرچیش پێیان وابێت ئەوان لە خۆشی وئارامیدان، ولە قیامەتدا دەیانخاتە نێو دۆزەخەوە وهەرگیز لێی دەرناچن، تێیدا تووشی سزا ومانەوەی هەتاهەتایی دەبن.

## ئایا مەبەست لە بوونمان چییە؟ وبۆچی ئێمەی خوڵقاندووە؟

پەروەردگاری بەخشندە پێمانی ڕاگەیاندووە کە  ئێمەی بۆ مەبەستێکی ڕێزدار وشەرەفمەند خوڵقاندووە، ئەمیش بریتیە لە تەنها پەرستنی ئەو ؛ ونابێت بە هیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ بڕیار بدەین، هەروەها ڕایسپاردووین بە ئاوەدانکردنەوەی زەوی بە خێر وچاکەکاری، بۆیە ئەوەی جگە لە پەروەردگاری بپەرستێت ؛ نازانێت بۆچی خوڵقێنراوە، وئەرکی سەرشانی جێبەجێ ناکات بەرامبەر پەروەردگاری، وئەوەی خراپەکاری بڵاو بکاتەوە لەسەر زەوی ؛ نازانێت بۆچی ئەرکێك ڕاسپاردە کراوە.

## چۆن پەروەردگارمان بپەرستین؟

پەروەردگار -جل جلالە- پاش خوڵقاندنمان ئێمەی فەرامۆش نەکردووە و وازی لێنەهێناوین، وژیانی ئێمەی بۆ گەمە دروست نەکردووە، بەڵکو لە نێو مرۆڤەکاندا پێغەمبەرانی هەڵبژاردووە بۆئەوەی ببنە پەیامبەر بۆ قەومەکانیان، ئەوان کامڵترین مرۆڤن لە ڕەوشتەکاندا، وپاکترین دەروون ودڵیان هەیە، وپەیامەکانی بۆ دابەزاندوون، وپەیامەکان ئەوەیشی تێدایە کە واجبە هەموو خەڵکی بیزانن سەبارەت بە پەروەردگار -جل جلالە-، هەروەها باسی زیندووبوونەوەی خەڵکیان تێدایە لە ڕۆژی قیامەتدا ئەمیش ڕۆژی لێپرسینەوە وپاداشتدانەوەیە.پێغەمبەران چۆنیەتی پەرستنی پەروەردگاریان ڕاگەیاند بە قەومەکانیان، وچۆنیەتی پەرستنەکان وکاتەکانیان وپاداشتەکانیان لە دونیا وقیامەتدا  ؛ هەموو ئەمانەیان بەجوانی ڕوونکردەوە بۆیان، وهۆشداریان پێدان سەبارەت بەو شتانەی پەروەردگاریان حەرامی کردووە لەسەریان لە خواردن وخواردنەوە ومارەبییەکان، وڕێنموێنیان کردن بۆ ڕەوشتە جوانەکان، ونەهیان لێکردن لە ڕەوشتە چەوت وسەرزەنشتکراوەکان.

## ئایا ئاینی قبوڵکراو لەلای پەروەردگار -جل جلالە- کام ئاینەیە؟

ئاینی قبوڵکراو لەلای الله ئیسلامە، ئەمیش ئەو ئاینەیە کە هەموو پێغەمبەران گەیاندوویانە، وخوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا جگە لە ئەم ئاینە ؛ هیچ ئاینێکی تر قبوڵ ناکات، هەر ئاینێکی تر خەڵکی باوەڕیان پێی هەیە وپەیڕەوی دەکەن جگە لە ئیسلام ؛ ئاینێکی پوچەڵە، بەڵکو دەبێتە هۆکاری ناڕەحەتی وخەسارۆمەندی بۆیان لە دونیا وقیامەتدا.

## ئایا بنچینەکانی ئەم ئاینە (ئیسلام) وپایەکانی چین؟

ئەم ئاینە خوای گەورە ئاسانی کردووە لەسەر بەندەکانی، مەزنترین پایەکانی بریتیە لە باوەڕهێنان بە الله وەکو پەروەردگار وپەرستراو، وباوەڕهێنان بە فریشتەکان وکتێبەکان وپێغەمبەران وڕۆژی قیامەت وقەدەر، شاهێدی دان بە (لا إله إلا الله ومحمد رسول الله) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بەهەق وڕاستی جگە لە الله وموحەمەد پێغەمبەری خودایە)، ونوێژ ئەنجامدان وزەکات دان ئەگەر خاوەنی پارە وسامانێك بیت بگاتە ئاستی واجب بوونی زەکات دەرکردن، و بە ڕۆژووبوونی مانگی ڕەمەزان ؛ ئەمیش مانگێکە لە هەموو ساڵێکدا، وحەج کردن بۆ ماڵی خودا کە

ئیبراهیم -علیه السلام- بنیاتی نا به فەرمانی پەروەردگاری؛ ئەگەر بتوانیت لەڕوانگەی دارایی وجەستەییەوە.ودووركەوتنەوە لەو شتانەی خوای گەورە حەرامی كردووە لەسەرت وەكو هاوبەش بڕیاردان -شیرك- وكوشتنی نەفس وزینا وخواردنی پارەی حەرام، بۆیە ئەگەر باوەڕ بهێنیت بە الله وئەم پەرستنانە ئەنجام بدەیت ودوور بكەویتەوە لە حەرامكراوەكان ؛ ئەوا تۆ مسوڵمانیت لەم دونیایەدا، ولە ڕۆژی قیامەتدا خوای گەورە نیعمەتی بەردەوام ونەبڕاوە ومانەوەی هەتاهەتاییت پێدەبەخشێت لە بەهەشتدا.

## ئایا ئیسلام ئاینێكی تایبەتە بۆ نەتەوە و ڕەگەزێكی دیاریكراو؟

ئیسلام ئاینی الله یە بۆ هەموو خەڵكی، هیچ كەسێك پلە وفەزڵی نییە بەسەر یەكێكی تردا مەگەر بەپێی تەقواداری وكردەوەی چاك نەبێت، وخەڵكی لە ئیسلامدا یەكسانن.

## چۆن خەڵكی بزانن كە پێغەمبەران -علیهم السلام- ڕاستگۆ ودڵسۆزن؟

خەڵكی ڕاستگۆیی ودڵسۆزی پێغەمبەران دەزانن لە چەند ڕێگایەكەوە، لەوانەیش:

ئەوەی دەیهێنن لە هەق وهیدایەت ئەقڵ وفیترەتە سەلامەت وتەندروستەكان قبوڵی دەكەن، وئەقڵەكان شاهێدی بە جوانی وچاكی دەدەن، وهیچ یەكێكی تر جگە لە پێغەمبەران ناتوانن شتێك هاوشێوەی پەیامی ئەوان بهێنن.

ئەوەی پێغەمبەران هێناویانە هۆكارە ؛ بۆ چاكبوونی ئاین ودونیای خەڵكی، وبۆ دامەزراوەیی وجێگیری كاروباریان وبنیاتنانی شارستانیەتەكانیان، وبۆ پاراستنی ئاین وئەقڵ وسامان وكەسایەتی وشەرەفیان.

پێغەمبەران -علیهم السلام- داوای پاداشت لە خەڵكی ناكەن لەسەر ڕێنموێنی كردنیان بۆ خێر وهیدایەت، بەڵكو چاوەڕوانی پاداشتن لەلایەن پەروەردگاریانەوە دەكەن وبەس

ئەوەی پێغەمبەران پێی هاتوون هەق وڕاستی ودڵنیاییە ؛ هیچ گومانێكی تێكەڵ نابێت، وهیچ دژیەكی وپشێویەكی تێدا نییە، هەموو پێغەمبەرێك بەڕاستدانەری پێغەمبەری پێشووە وبانگەوازی كردووە بۆ هەمان ئەو پەیامەی پێغەمبەری پێشوو بانگەوازی بۆ كردووە.

خوای گەورە پاڵپشتی پێغەمبەران دەكات وسەریان دەخات -علیهم السلام- بە نیشانە وموعجیزە ڕوون وقایلكارەكان كە لەسەر دەستی ئەوان ڕوودەدەن ؛ بۆئەوەی ببنە شاهێد لەسەر ڕاستگۆییان وئەوان پێغەمبەرن لەلایەن الله وە، ومەزنترین موعجیزەی پێغەمبەران بریتیە لە موعجیزەی كۆتا پێغەمبەر موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- ئەمیش قورئانی پیرۆزە.

## ئایا قورئانی پیرۆز چییە؟

قورئانی پیرۆز كتێبی پەروەردگاری جیهانیانە، وقسەی الله یە كە دایبەزاند لەڕێگەی فریشتەیەك بەناوی جبریل -علیه السلام- بۆ سەر موحەمەد -صلی الله علیه وسلم- ؛ وهەموو ئەو شتانەی تێدایە كە خوای گەورە واجبی كردووە لەسەر مرۆڤەكان بیزانن سەبارەت بە الله وفریشتەكانی وپێغەمبەرانی وڕۆژی قیامەت وقەدەر خێر وشەڕی.هەروەها پەرستنە واجبەكان، وحەرامكراوەكانی تێدایە كە واجبە هۆشداریان بین، وڕەوشتە جوانەكان وڕەوشتە بەد وناشیرینەكانی تێدا ڕوونكراوەتەوە، وهەموو ئەرك وكاروبارێك لە ئاین ودونیادا زۆر بەجوانی تێیدا باسكراوە، كتێبێكی موعجیزەئامێزە خوای گەورە تەحەدای خەڵكی كردووە بەوەی كتێبێك هاوشێوەی بهێنن، وپارێزراوە هەتاوەكو ڕۆژی قیامەت بەو زمانەی پێی دابەزێندراوە وهیچ پیتێك لێی كەم نەكراوەتەوە، وهیچ پیتێكی لێ نەگۆڕاوە.

## ئایا بەڵگەی زیندووبوونەوە ولێپرسینەوە چییە؟

ئایا نابینیت ئەو زەوییەی كە مردووە وهیچ ژیانێكی تێدا نییە ؛ كاتێك بارانی بەسەردا دەبارێت دەهەژێت ودەڕوێت وبەرووبوومی خۆش وپڕ چێژی لێ بەرهەم دێت، ئەوەی ژیانی پێبەخشیووە ؛ بەتوانایە مردووەكانیش زیندوو بكاتەوە،ئەو زاتەی كە مرۆڤی لە ئاوێكی بێزراو دروستكردووە ؛ تواناداره لەسەر زیندووكردنەوەی لە ڕۆژی قیامەتدا بۆ لێپرسینەوە وپاداشتدانەوە، بۆیە ئەگەر كردەوەی چاكی ئەنجامدا بێت پاداشتی بە چاكە دەدرێتەوە، وئەگەر كردەوەی خراپ وشەڕی كردبێت بەهەمان شێوە سزا دەدرێت.ئەو زاتەی ئاسمانەكان وزەوی وئەستێرەكانی دروستكردووە ؛ تواناداره دووبارە مرۆڤ بخولقێنێت، چونكە خولقاندنی مرۆڤ بۆ جاری دووەم ئاسانترە لە خولقاندنی ئاسمانەكان وزەوی.

## لە ڕۆژی قیامەتدا چی ڕوودەدات؟

پەروەردگار -جل جلاله- خولقێنراوەكان زیندوو دەكاتەوە لە گۆڕەكانیان، پاشان لێپرسینەوەیان لێدەكات لەسەر كردەوەكانیان، بۆیە ئەوەی باوەڕی هێنا بێت وپێغەمبەرانی بەڕاست دانا بێت ئەوا دەیخاتە بەهەشتەوە ؛ كە نیعمەتی نەبڕاوە وبەردەوامی تێدایە وهەرگیز نەهاتووە بە بیری هیچ مرۆڤێكدا بەهۆی گەورەیی وخۆشی نیعمەتەكانی، وئەوەی كافر وبێباوەڕ بووبێت ؛ دەیخاتە دۆزەخەوە كە سزای هەتاهەتایی دەدرێت بەشێوەیەك بە خەیاڵی هیچ مرۆڤێكدا نەهاتووە، ئەگەر مرۆڤ بچێتە بەهەشت یان دۆزەخەوە ؛ هەرگیز نامرێت وبە هەتاهەتایی لە نێو نیعمەت یان لە نێو ئازاردا دەبێت.

## ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە ؛ دەبێت چی بكات؟ ئایا دەبێت هیچ ڕێوڕەسمێك ئەنجام بدات ؟ یان دەبێت داوا لە هەندێك كەس بكات بۆئەوەی ڕوخسەتی پێبدەن ؟

كاتێك مرۆڤ دەزانێت ئاینی هەق وڕاستی تەنها ئیسلامە، وئاینی پەروەردگاری جیهانیانە، ئەوا دەبێت دەستبەجێ بێتە نێو ئەم ئاینەوە، چونكە مرۆڤی ژیر ئەگەر هەق وڕاستی بۆ ڕوون بێتەوە ؛ ڕاستەوخۆ و بەخێرایی شوێنی دەكەوێت، وئەم هەنگاوە گرنگە دواناخات،وئەوەی بیەوێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە ئەوا واجب نییە هەندێك ڕێوڕەسمی تایبەت جێبەجێ بكات، و واجب نییە هیچ كەسێكی دیاریكراو ئامادە بێت، بەڵام ئەگەر بەئامادەبوونی مسوڵمانێك یان زیاتر یان لەنێو ناوەندێكی ئیسلامی بێت ئەوا ئەمە خێرە لەسەر خێر، ئەگەر نا ؛ تەنها ووتنی شایەتمان بەسە، ئەمیش بریتیە لە ووتنی: (أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمدًا رسول الله) واتە: (شاهێدی دەدەم بەوەی هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لەالله وشاهێدی دەدەم بەوەی موحەمەد پێغەمبەری خودایە)، وماناكەی بزانێت وباوەڕی پێی هەبێت، بەم شێوەیە دەبێتە مسوڵمان، پاشان پلە بە پلە فێری یاسا وڕێساكانی تری شەریعەتی ئیسلام دەبێت، بۆئەوەی ئەو ئەركانە جێبەجێ بكات كە خوای گەورە لەسەری واجبی كردووە.

ئیسلام ئاینی پەروەردگاری جیهانیانە
پەروەردگارت کێیە؟
سیفەتەکانی پەروەردگاری جیهانیان چییە؟
ئایا مافی پەروەردگارمان لەسەر ئێمە چییە؟
ئایا مافی خەڵکی لەسەر پەروەردگاریان چییە؟
ئایا مەبەست لە بوونمان چییە؟ وبۆچی ئێمەی خوڵقاندووە؟
چۆن پەروەردگارمان بپەرستین؟
ئایا ئاینی قبوڵکراو لەلای پەروەردگار -جل جلالە- کام ئاینەیە؟
ئایا بنچینەکانی ئەم ئاینە (ئیسلام) وپایەکانی چین؟
ئایا ئیسلام ئاینێکی تایبەتە بۆ نەتەوە و ڕەگەزێکی دیاریکراو؟
چۆن خەڵکی بزانن کە پێغەمبەران -علیهم السلام- ڕاستگۆ ودڵسۆزن؟
ئایا قورئانی پیرۆز چییە؟
ئایا بەڵگەی زیندووبوونەوە ولێپرسینەوە چییە؟
لە ڕۆژی قیامەتدا چی ڕوودەدات؟
ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە ؛ دەبێت چی بکات؟ ئایا دەبێت هیچ ڕێوڕەسمێك ئەنجام بدات ؟ یان دەبێت داوا لە هەندێك کەس بکات بۆئەوەی ڕوخسەتی پێبدەن ؟